**گۆڕانکارییەکان بە دەستگەشتن بە چارەسەرییەکانی کۆڤید-19**

ئەو کەسانەی زۆرترینمەترسیی نەخۆشکەوتنی جیدییان لەسەرە لە بەهۆی کۆڤید-19، دەتوانن، ئەگەر شموول بکەن، بەردەوام بن لە دەستگەیشتن بە چارەسەرەکانی کۆڤید-19، بۆ یارمەتیدان لە بەڕێوەبردنی نیشانەکانی کۆڤید-19 و کەمکردنەوەی سەختبوونی نەخۆشیەکە، لە ڕێگەی خزمەتگوزاریی یەکەی گەیاندنی دەرمانی کۆڤید.

دوای ڕاپۆرتدانی پشکنینی پۆزەتیڤی کۆڤید-19، چی دیکە لە لایەن NHS ئۆتۆماتیکی پەیوەندی بە خەڵکەوە ناکرێت دەربارەی چارەسەرەکان. ئێستا خەڵک دەتوانن ڕاستەوخۆ لە شوێنی خۆجێی خۆیان لە ڕێگەی خزمەتگوزاریی GP، کە ڕەوانەت دەکەن بۆ نزیکترین خزمەتگوزاریی یەکەی گەیاندنی داودەرمانی کۆڤید، دەستییان بە خزمەتگوزارییەکە بگات.

لە دەرەوەی ئەو کاتژمێرانەی GP کراوەیە، خەڵک دەتوانن پەیوەندی بە NHS 111 بکەن بۆ ڕەوانەکردن.

ئەگەر خەڵک نەتوانن بگەن بە GP خۆجێی خۆیان، دەتوانن پەیوەندی بە پسپۆڕی نەخۆشخانە بکەن، ئەگەر هەیانە.

NHS خۆی نامەی بۆ ئەو کەسانە ناردووە کە لە کۆمەڵەی مەترسیی گەورەدان و لەم گۆڕانکارییانە ئاگاداری کردوونەتەوە.

**کێ دەتوانێت چارەسەری کۆڤید-19 وەربگرێت؟**

ئەگەر هەموو ئەمانە شموولت بکەن، ئەوا شموولی چارەسەرەکانی کۆڤید-19 دەکەیت:

- لە مەترسییەکی زۆری نەخۆشکەوتنی سەختدایت ئەگەر تووشی کۆڤید-19 ببیت.
- لە ماوەی پێنج ڕۆژی ڕابردوودا نیشانەی کۆڤید-19ت هەیە و هیچ ئاماژەیەکی باشتربوونت نیە.
- پشکنینی پۆزەتیڤی کۆڤید-19 ـت بۆ کراوە.

پسپۆڕێکی تەندروستی پشتڕاستی دەکاتەوە ئەگەر شموولی چارەسەر بکەیت.

زانیاریی زیاتر دەربارەی دۆخە دیاریکراوەکان لە **ماڵپەڕی NHS** بەردەستە.

**چارەسەرەکان چین؟**

چارەسەرەکان nMAB یان چارەسەری دژە ڤایرۆسی دەگرنەوە.

هەندێک چارەسەر وەک کەپسول یان تابلێتن و قووتیان دەدەیت. ئەوانی دیکەیش لە ڕێگەی دەرزی دەدرێت لە قۆڵت، لای خزمەتگوزاریی GP.

زانیاریی تێروتەسەل لە ماڵپەڕی NHS بەردەستە.

**چۆن چارەسەری کۆڤید-19 وەربگریت**

ئەگەر شموولی چارەسەر دەکەیت، دەبێت ئەم پرۆسەی خوارەوە جێبەجێ بکەیت:

1. دەبێت کیتی پشکنینی خێرا (lateral flow) لە ماڵەوە هەڵبگریت و تەنها ئەو کاتە بەکاریبهێنیت کە نیشانەکانت لێ دەردەکەون. ئەگەر شموولی کیتی پشکنینی خێرا دەکەیت، دەتوانیت ئێستا لە دەرمانخانەیەکی خۆجێی وەری بگریت. ئەمە شوێنی داواکردنی ئۆنلاین یان تەلەفۆن دەگرێتەوە بەبێ بەرامبەر چونکە ئەم کیتی پشکنینی خێرایە لە لایەن حکومەتی شانشینی یەکگرتوو (gov.uk) و NHS 119 دابینکراوە. ڕەنگە دەرمانخانەکە پرسیاری مێژووی پزیشکت لێ بکات بۆ ئەوەی دڵنیا بێتەوە شموولی پشکنینی بێبەرامبەر دەکەیت.

ئەگەر نوسخەیەکی نامە یان ئیمێڵی NHS ت لایە کە دەڵێت شموولی چارەسەری کۆڤید-19 دەکەیت، لەگەڵ خۆت بیبە. نامە یان ئیمێڵ شتێکی بنەڕەتی نیە، بەڵام یارمەتیی دەرمانخانەکە دەدات ئاسانتر دڵنیابێتەوە کە شموولی پشکنینی بێبەرامبەر دەکەیت.

کەسێکی دیکەیش دەتوانێت بەناوی تۆوە کیتەکە وەربگرێت، بۆ نموونە، هاوڕێیەک، خزمێک یان بەخێوکەرێک. ئەگەر هاوڕێ، خزم یان بەخێوکەرێکت نیە بۆ ئەوەی پشکنینەکەت بۆ وەربگرێت، دەتوانیت وەڵامدەرەوەیەکی خۆبەخش حیجز بکەیت بە تەلەفۆنکردن بۆ ژمارە 3646 196 0808.

هەرکەسێک بە ناوی تۆوە پشکنینی بێبەرامبەر وەردەگرێت، دەبێت وردەکارییەکانی تۆ بدات بە دەرمانخانەکە، بە لەخۆگرتنی:
- ناوی تەواو
- ناونیشان
- ڕێکەوتی لەدایکبوون
- ژمارەی NHS (ئەگەر بەردەستە)
- دۆخی پزیشکی بۆ پشتڕاستکردنەوەی شموولکردنت

هەروەها دەتوانن نوسخەی هەر نامە یان ئیمێڵێک بهێنن کە لە لایەن NHS بۆ نێردراوە دەربارەی چارەسەرکردنی کۆڤید-19.

هەروەها دەتوانیت ئەو پشکنینە بەکاربهێنیت کە لە دووکانێک کڕیوتە.

1. ئەگەر تووشی **نیشانەکانی کۆڤید-19** بوویت، دەبێت دەستبەجێ پشکنین ئەنجام بدەیت، تەنانەت ئەگەر نیشانەکانیشت سووکن.

    1. ئەگەر پشکنینەکەت نێگەتیڤ بوو بەڵام هەر نیشانەکانت مابوون، دەبێت لە دوو ڕۆژی دواتردا دوو پشکنینی دیکە بکەیت (سێ پشکنین لە سێ ڕۆژدا). دەبێت ئەنجامی پشکنینەکەت ڕاپۆرت بدەیت ئەگەر گونجا بە ئۆنلاین یان بە پەیوەندیکردن بە 119، بە بەکارهێنانی ژمارەی NHS ـەکەت و کۆدی پۆستەکەت. ناتوانیت ڕاپۆرتی ئەنجامی پشکنینێک بدەیت ئەگەر لە دووکان یان دەرمانخانەیەک کڕیوتە، بەڵام ئەمە کاریگەریی لەسەر دەستگەیشتنی بۆ بۆ هەڵسەنگاندنی چارەسەر نیە.

2. ئەگەر پشکنینەکەت پۆزەتیڤ بوو، بە زووترین کات پەیوەندی بە خزمەتگوزاریی GPـەکەت بکە بۆ ئەوەی بتوانن ڕەچاوی ئەوە بکەن ڕەوانەت بکەن بۆ هەڵسەنگاندنی چارەسەر. لە دەرەوەی ئەو کاتژمێرانەی GP کراوەیە، خەڵک دەتوانن پەیوەندی بە NHS 111 بکەن بۆ ڕەوانەکردن. ئەگەر خەڵک نەتوانن بگەن بە GP خۆجێی خۆیان، دەتوانن پەیوەندی بە پسپۆڕی نەخۆشخانە بکەن، ئەگەر هەیانە.

**ڕاپۆرتدان لە کیتی پشکنینی خێرا**

دەبێت ئەنجامی پشکنینەکەت ڕاپۆرت بدەیت ئەگەر گونجا بە ئۆنلاین یان بە پەیوەندیکردن بە 119، بە بەکارهێنانی ژمارەی NHSـەکەت و کۆدی پۆستەکەت. ناتوانیت ڕاپۆرتی ئەنجامی پشکنینێک بدەیت کە کڕیوتە، بەڵام ئەمە کاریگەریی لەسەر دەستگەیشتنی بۆ بۆ هەڵسەنگاندنی چارەسەر نیە.

زانیاریی زیاتر لە **ماڵپەری NHS** بەردەستە.